# گۆڕینی ئەیلولی ڕەش؟! *

ئاسۆعەبدوللەتیف

**لە شەهیدبوونی عەولە سیسەوە بۆ کوردەی هەڵەبجەیی یەك ستایل کاری پێدەکرێت بۆ خۆپیشاندان و توندوتیژیی فاشیزمانەدا..!!**

ئایا ڕاستە کە خەڵك نازانێ چۆن داوای ماف و ئازادیەکانی بکات؟ ئەم ووتەزایە ووتەزایەکە لەدەمی زۆر بەرپرسەوە ووترا لە کاتی خۆپیشاندانەکاندا تەنها بە خاتری ئەوەی هەرەس بە ڕۆحی خۆپیشاندان بهێنن، گوایە خەڵك نەزان و نەفامن و نازانن چۆن داوای مافەکانی خۆیان بکەن؟ وەکو ئەوەی ئەگەر بزانن دونیایان بۆ ئەکەنە بەهەشت؟ منیش ئەپرسم ئەی هەر ئەو خەڵکە نەبوو لە کاتی هەڵبژاردن و ڕاپرسیەکاندا هانتان ئەدان و فووتان تێئەکردن و تاوێ ئەتانکردنە خەڵکی هوشیاردیدەو تاوێ هۆشمەندو دیموکراسیخواز و تاوێکیش ئەتانکردنە کوڕی تەنگانەو نیشتیمانپەروەر؟! باشە گریمان قسەی ئێوەش ڕاستەو خەڵکی نازانن داوا بکەن، باشە ئەپرسم کە داوای کرد بێزەحمەت لەکێی بکات؟ حیزب یان حکومەت؟ ئەمریکا یان عیراق؟ مەکتەب سیاسی یەکێتی یان پارتی؟ پەرلەمانی کوردستان یان پەرلەمانی عیراق؟ سەرۆك تالەبانی یان سەرۆك بارزانی؟ کێ ها پێم نالێن؟؟ ئایا ئەمە کێشەیەکی گەورە نییە بۆ کورد کەلە سییەکانی سەدەی ڕابردووەوە تائێستا یەکلایی نەبۆتەوە کە کێ خەمخۆریەتی و ئاخۆ کێ بکاتە مەرجەع و مەحرەم ؟!

دیارە خۆپیشاندان میکانیزمێکی نوێی کۆمەڵگا مۆدێرنەکانەو فەلسەفەو مەعریفەیەکی سیاسیش ئەیجوڵێنێ بە ئاراستەی دەستکاریکردنی سیستمی ئیشکردن و کارو پرۆژەو گرفتەکانی کۆمەڵگا، بەڵام خۆپیشاندانی ئەم دواییەی کوردستان گشت لایەك ئەیزانن گەندەڵی جوڵاندی، ئەم چەمکە لە دنیای کوردیدا تازە نییە وەکو حیزب و دەسەڵاتی کوردی پێناسەو تەفسیری بۆ ئەکەن، تاکی کوردی بەردەوام خۆی ڕاهێناوە کە ستەم و ناعەدالەتی و فاشیزم و لوتبەرزی کەس قبوڵ نەکات، وەك لە بەعس و حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عیراقی قبوڵ نەکرد لە دەسەڵاتی کوردیشی قبوڵ ناکات، خۆپیشاندان و نارەزایەتیەکانی بەردەرکی سەرای سلێمانی لە سەردەمی وەزارەتە تازەکەی نوری سەعید وشەهیدبوونی عەولە سیس و هاورێکانی لە شەشی ڕەشی ئەیلولی 1930 لە لایەن سریەی جەیشی عیراقی شاهیدن تا ئەگات بە دەسەڵاتی ئێستاو شەهید بوونی کوردەی جوانەمەرگی قوتابی لە هەڵەبجە لە 2006/3/16، کەواتە ئەیلولی سیەکان و ئەیلولی ئێستا هەر یەك ئەیلولن بە تۆزێ گۆڕانکاریەوەو جاران نوری سەعید حوکمی عیراقی کردووەو مەلیك مەحمودی نەمر لە ناوماندا بووەو هەر بە تەقەش وەڵامی خەڵکی دراوەتەوەو ئێستاش نوری مالکی و دەسەڵاتەخۆماڵیەکەی خۆمانە و دەبینی پاش 76 ساڵ گۆڕانێکی عەقلانی و ریشەیی رووی نەداوە و سەرباری مۆدێرنەو گلۆبالیزم و شۆڕشی زانیاریەکان کەچی هێشتا مشتە دەمانچەو نارەزایی و زیندان و تەقەکردن بازاریان گەرمەو کڕیاریشیان هەیە!! کاتێ هەڵەبجە لە 2006 ڕائەپەرێ دژ بە سیستمی گەندەڵ و خەمساردی کوردی و یادگاریەکانی خۆی ئەسوتێنێ ئەوا شتێکی تازە نیەو لە ساڵی 1974 یشدا دەنگی هەڵبریوەو کۆیلەیی قبوڵ نەبوەو نەفرەتی لە دەسەڵاتی عارف و سدیق و بەکرو سەدامی فەرخە دیکتاتۆر کردووەو نەشترساوەو بەر بۆمبی ناپاڵمیش کەوتووە، لە ساڵی 1987 یشدا دووبارە لە ئەوجی دەسەڵاتی سەدام و بەعسیەکاندا ڕژاوەتەوە

سەر شەقام و خۆپیشاندانی کردوەو قوربانیدەریش بووە بە یەکەمین زیندەبەچاڵکردنی گەنجان و ئێستاش کە خۆپیشاندان دەبارە ئەکاتەوە ئەمە نە دەستی دەرەکیەو نە خیانەت و نە هیچ، بەڵکو خۆپیشاندەر نا عەدالەتی قبوڵ نییە، ستەم و گەندەڵی و باخەڵپرکردنی بەرپرسانی قبوڵ نییە، بێ خزمەتی و بێکارەبایی و بێ خانوویی و درۆو بێ بەڵێنی قبوڵ نیە، بۆیە بەبروای من خۆپیشاندانەکانی ئەم دواییەی کوردستان تاکە پرۆژەی سەرەتایی تاکی کوردییە بە ئاراستەی گۆرینی ئەو سیستمە فاشیلەی کە ئێمەی هێشتۆتەوە لە ناو یادەوەری ئەیلولدا و مەحکومی کردوین بە نەگۆڕ و ئێستاش بەناوی بەرێوەبردن و حکومەتداریەوە گەل و نەتەوەیەکیان دوچاری قەیرانی گەورە گەورەی دەرونی و نەخۆشی کردۆتەوە، بۆیەئەوەی کە هەیە و ناومان ناوە خۆپیشاندان و قۆناغی دوای خۆپیشاندانەکانیش کۆی قەلەقی و نارەزایەتی و تورەبوونێکی نا رێکخراوی عەفەوی خەڵکەو دەرەنجامی بە کۆمپانیاکردنی حیزبەکانە بۆ سەرمایە کۆکردنەوەی شەخسی و پشتگوێخستی سادەترین داواکاری خەڵکی، ئەگینا خۆپیشاندانی راستەقینە گەر بکرێت ئەبێت یەکەمین داواکاری غازو نەوت و کارەبا نەبێ بەڵکو داواکاری گۆرینی حوکمی حیزبی و عورفیی سەرمایەداری و ستایلی کلاسیکیانەی حوکم و سەردەمی ئەیلولە کۆنەکان بێت، چونکە ئەو سیستمە ئەوەندە نەخۆشە بەخەڵکی کەلارو هەڵەبجەش چارەسەر ناکرێ و لەسەر جیاوازی شارەکان و قەڵەوکردنی ئەم و لاوازکردنی ئەو ئەژی.

دواجار خۆپیشاندان وەکو ئەوەی کە چەمکێکی مەدەنی و دیموکراتیکەو نابێ بە توندوتیژی و ئاژاوەو گرتن کۆتایی بێت و ئەبێ کار لە دوای خۆپیشاندانەکان و بەڵێنەکان و قسەی بەرپرسان بکرێت و بزانین ئاخۆ شۆکێك روویداوە؟ چونکە لە دەرەنجامی توندوتیژیدا ئاراستەی داواکاریەکان ئەگۆردرێن و کەس سودی لێ وەرناگرێت و بگرە مافەکانیش دوا ئەخرێن و دەسەلاتیش ئەوەندەی دیکە شەرعیەت ئەدات بە کەمتەرخەمی و بێ بەڵێنیەکانی خۆی وەك چۆن ئێستا ئەم حاڵەتە لە هەڵەبجەدا ئەبینرێت و سەرباری بەڵێنەکانی سەرۆك بارزانیش ئەوەندەی دیکە خەڵکی بێ ئومێدبووەو هەر چاوەروانەو دەسەلاتیش ئەترسێ کە شتی دیکە رووبدات و وابزانم جگە لە تەقەکردنیش بەدیلێکی دیکەی نییە؟

*** لە ژمارە 35ی هەفتەنامەی ئاوێنەدا لە 2006/9/5 بڵاوکراوەتەوە کە لە کوردستانی باشوور دەردەچێت.**